# لەهەڵەبجەوە..سوپاس بۆ گوللەکانتان

## ئیدریس عەلی

پێنج هەزار شەهیدی تاوانبار بەناحەق زیندوو دەبنەوەو داوای ژیان دەکەن بۆ منالْوخێزانەکانیان.. پێنج هەزار شەهیدی خوێن مژ لەگۆڕەکانیانەوە سەر دەردێنن‌و دەڵێن: ئاوەدانی کەنەوە شارەکەمان.. شارە لەخۆمان تاونبارترو شەهیدەکەمان.. !

گوناهبارن کەس‌و کاری شەهیدان بیانکوژن.. تاوانبارن خەڵکی هەڵەبجە رەحمەتی فیشەکەکانتان ببارێنن بەسەریاندا.. ئەوان بەم ناوەختە دوای ئاوو کارەباو خانوو خزمەتگوزاری دەکەن.. بەم ناوەختە گەنجەکان شەرمیان لەروو هەڵگیراوەو داوای پارك‌و شەقامی گشتی‌و شوێنی کۆبوونەوە دەکەن. بیانکوژن هەڵەبجەیە فاشستەکان .. ئەو هەڵەبجەییانەی بەدرۆوە دەڵێن شارەکەمان وێران بووەو هەزاران قوربانیمان داوە..!

درۆئەکەن هەلەبجەییەکان درۆ ئەکەن : شیعر کوالەم شارەدا سەری هەڵداوە؟ درۆ ئەکەن : یەکەمین شەهیدی شۆڕشی نوێ کەی خەڵکی ئەم شارەیە؟ درۆئەکەن بیانکوژن ئەو درۆزنانەی رۆژگار کەئەڵێن: رۆژگارێك شارەکەمان رەمزی شارستانیەت‌و جوانی بووە.. کاتێك ئەڵێن : شارەکەمان کەلاوەیەکی گەورەیە.. ئاخر کێ بیستویەتی ساڵێك لەسالآن ئەم شارە بەگژ بەعسدا چۆتەوە؟ کێ بیستوویەتی شەوێك لەشەوان هێزی پێشمەرگەی دوێنێ‌و خاوەن کۆشك‌و تەلارەکانی ئەمڕۆ لەم شارەدا و لەنێو ماڵی هەڵەبجەییەکاندا رۆژیان کردبێتەوەو نانیان خواردبێ‌و خۆیان شاردبێتەوە؟ کێ شاهیی ئەوەیە خەڵکی بێویژدانی ئەم شارە بچوکترین هاوکاری شۆڕشیان کردبێ؟

درۆئەکەن.. بەدرۆ ئەڵێن هەشتاو حەوت کانی ئاشقان بەتی ئێن تی بەعس روخاو دەیان کەس زیندە بەچاڵکران.. بەدرۆوە ئەڵێن گەر ئێمە نەبووینایە کێ ناوی کوردی دەزانی‌و دەگەیشتن بەم قۆناغە زێڕینە..!

ئێمەی بەرپرسە دڵسۆزەکانی گەل‌و نشتمان هەرگیز وەعدمان نەداوە هەڵەبجە بکەینەوە بەهەڵەبجەکەی جاری جاران.. ئەو هەڵەبجەی ئێواران مەست دەبووو لەنێو چڕینی گۆرانی‌و شیعرو هەڵپەڕکێدا غەرق دەبوو .. ئێمە کەی وتومانە ژیانی کەس‌و کاری شەهیدان باش دەکەین؟ وائێستا بێئابڕوانە رێگە بەئێمەو میوان‌و دۆستەکانمان نادەن بێینە سەر گۆڕی رۆڵە دلێرەکانمان‌و چەند دڵۆپە فرمێسکێك بەدەم فلوتە حەزینەکانەوە هەڵرژین.. ئاخر ئێوەی هەڵەبجەیی دوور لەعورفی کوردەواریمان رێز لەمیوان‌و بەرپرس ناگرن‌و خۆپیشاندان دەکەن.. بۆ چما شارەکەتان چ عەیبی هەیە؟ چاوتان ئەو گشت باخچەو شەقامو خانووە جوان جوانانە نابینێ؟ چما بە کیمیایی هەر هەمووتان کوێر بوون بۆیە لێشاوی ئەو گشت کارو پڕۆژە خزمەت گوزاریانە نابینن.. ئێ ئێوە خۆتان کوێرن ئەدی حکومەتە نازدارەکەمان چ بڵێت؟

سوپاس بەرێزینە سوپاس بۆ گولەکانتات کەنیشانەتان لەسەر دڵی ( کوردەی) لاو گرتەوەو پێکاتان.. سوپاس بۆ گولەکانتان کە دوو بارە دڵی دایە پیرەکانی شارتان هێنایەوە ژان‌و ترستان خستەوە دڵی منالە هەتیوو پێخاوسەکان.